# کاریگەریی ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک لە بەدەستهێنانی چەمکەزانستیەکان لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە بابەتی جوگرافیا

## توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر

سەناریا ابراهیم مصطفی
Sanarya.mustafa@univsul.edu.iq
زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

پ.ی.د. کوردستان محمد ئازاد
Kurdistan.azad@univsul.edu.iq
زانکۆی سلێمانی – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی – بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٧/٤
بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٧/٢٩

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی (کاریگەریی ستراتیجییەکانی فێربوونی چالاک لە بەدەستهێنانی چەمکە زانستیەکان لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە بابەتی جوگرافیا)، بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە میتۆدی ئەزموونی بەکارهاتوە،کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری سلێمانی، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە (٤٢) قوتابی لە قوتابخانەی (دابان) ی بنەڕەتی سەر بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات بۆساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) کەدابەشکران بەسەر (٢) پۆلدا (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ) هاوتایی لەنێوان هەردوو پۆلی خوێندن (د-ج) دۆزرایەوە لە گۆڕاوەکانی (تەمەنی خوێندکاران ، ئاستی زیرەکی ،نمرەی کۆتایی ساڵی پێشوو لە بابەتەکۆمەڵایەتییەکان ،ئاستی ئەکادیمی دایک و باوک ، تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ دیاریکردنی زانیاری پێشووی قوتابیان لە بابەتی (جوگرافیا ) ، تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکان (پێشەکی) )، دەرکەوت کە هاوتان لەو گۆڕاوانەی کە ئاماژەی بۆ کراوە، بۆیە توێژەران پێشنیاریان کردووەکە ستراتیجە نوێیەکانی وانەووتنەوە بەکاربهێنرێن بۆ خوێندنی پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها هۆشیاریی بدرێت مامۆستایانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک قوتابیان باشتر فێردەبن و چالاکترن لە وانەکەدا ، لەتوێژینەوەکەدا ئامرازێک ئامادەکراوە بۆ بەدەستهێنانی چەمکەکان کەلە (١٨) برگە پێکهاتبوو ڕاستی و نەگۆڕی دۆزراوەتەوە و بە کۆمەڵێک پسپۆڕی بواری وانەووتنەوە دەروونزانی نیشاندراوەکە ژمارەیان (١٥) کەس بوون .

**کلیلی ووشەکان: کاریگەریی-ستراتیج -فێربوونی چالاک –چەمکەکان**

### ١-١کێشەی توێژینەوەکە:

بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت ئەرکی پەروەردەیی خۆی بەباشی ئەنجام بدات، دەگونجێت بپرسین : چۆن دەبێت وانە بڵێمەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بم ؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە گرنگی بەڕێگاکانی وانەووتنەوە بدەین(پارسا،٢٠٢١ : ٢٧٣). ئامانجی وانەووتنەوە چاکردنی ڕەفتارە، لەبەرئەوە پێویستە فێربوونی ڕاستەقینە هاوشانی وانەووتنەوە بێت ئەگەرنا گرنگی و واتای خۆی لە دەستدەدات و بە وانەووتنەوە دانانرێت. (سیوەیلی ، ٢٠١٧ : ١٤). هەربۆیە وانەووتنەوە بریتیە لە ئەرکێکی ئاڵۆز و پیشەیەکی هونەری وورد ، کە پێویستی بە مەعریفەی جۆراوجۆر و توانا و لێهاتووی بەرز و کۆمەڵێک چالاکی لێکدراو هەیە (عطیة ، ٢٠٠٨ : ٢٥ ) . هونەری فێرکردن تەنها گواستنەوەیەکی سادەی زانین لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر ناگرێتەوە ، بەڵکو پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە ئاسانکاری و کاریگەری لەسەر پرۆسەی فێربوون دەکات ( عبدالله ،

sjh@univsul.edu.iq

٢٠١١ : ٨ ). پەروەردە یەکێکە لە توخمە بنەڕەتییەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی ، بەو پێیەیی پرۆسەیەکی ڕێکخراوە ئەو کردارو ڕێکارانە لەخۆ دەگرێت کەلە نێوان مامۆستا و قوتابیدا ڕوودەدەن (عدس ، ١٩٩٨: ١١ ، ١٢ ).دەکرێت لە ڕێگەی سیستمێکی پەروەردەیی هاوچەرخ وبەهێزەوە ڕووبەڕووی ئەو ئاڵانگاریانە ببینەوە کە ئەم شۆڕشی تەکنەلۆجیا و زانیارییانە هێناویانەتە بەرهەم(مرعی و حیلة،٢٠٠١ : ٤١). توێژەر لەم توێژینەوەیەدا سێ ستراتیجی بەکارهیناوە بەمەبەستی زانینی کاریگەریی ئەو ستراتیجانە لەبەدەستهێنانی چەمکەکان لای قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی لەبەرئەوەی توێژەر بەدواداچوونی کردوە کە توێژینەوە بۆ بەدەستهێنانی چەمکەکان بۆ ئەو قۆناغەی خوێندن ئەنجام نەدراوە هەربۆیە توێژەر هەوڵیداوە لەڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیجەکانی فێربوونی چالاکەوە کێشەی توێژینەوەکەی بەشێوەی ئەم پرسیارە بخاتە ڕوو :

ئایا ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک کاریگەری دەبێت لەبەدەستهێنانی چەمکەکان لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی ؟

**١-٢گرنگی توێژینەوەکە**

دەتوانین بڵێین توێژینەوەکە گرنگە بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە:-

١-بەسودە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ، لەبەرئەوەی زانیاری پێویست دەربارەی کاریگەرییەکانی ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک لە ناوەندەکانی خوێندن دەخاتە بەردەستیان و دەتوانن لە پرۆگرامەکانی خوێندنی کۆلێجەکانی پەروەردەی بنەڕەت و پێگەیاندنی خوێندکارەکانیان گرنگی زیاتری پێبدەن .

٢-بەسوودە بۆ وەزارەتی پەروەردە لەبەرئەوەی زانیاری پێویست دەربارەی ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک دەخاتە بەردەستیان تا لەڕێگەیەوە گرنگی بە ستراتیجەکانی فێربونی چالاک بدەن و بیخەنە پلان و پرۆژەی وانەووتنەوە و فێربوون و فێرکردن .

٣-بەسودە بۆ سەرپەرشتیاران و مامۆستای ڕاهێنەری قوتابخانەکان لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە کاریگەری ستراتیجەکانی فێربونی چالاکیان بۆ دەردەکەوێت لە ووتنەوەی وانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و سەرجەم بابەتەکانی دیکەی پرۆگرامی خوێندن .

٤- گرنگ و بەسوودە بۆ گەشەپێدانی تواناو هزری خوێندکاران و بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی خوێندنیان ، گەشەپێدانی بەهاکانیان بەگشتی و بەهاکۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی و چاندنی گیانی هاوکاری و وەرگرتنی بیروڕاکانی یەکتر.

٥-گرنگە بۆ مامۆستایانی سەرجەم بابەتەکان لە دانانی پلانی وانەووتنەوەدا بۆ پرۆگرامی خوێندن و یارمەتیدەریان دەبێت کە خوێندکار زیاتر چالاک بێت و بەشداربێت لە وانەکاندا ، چونکە سروشتی خوێندکار وایە حەزی بە جوڵەو یاری کردنە نەک دانیشتن و گوێگرتن بە درێژایی وانەکە و ئەزبەرکردنی وانەکە .

**١-٣ئامانجی توێژینەوەکە:**

زانینی کاریگەری ستراتیجییەکانی فێربوونی چالاک لەبەدەستهێنانی چەمکەکان لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لەبابەتی جوگرافیادا.

**١-٤گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە پشت بەچەند گریمانەیەك دەبەسترێت :-

- **گریمانەی یەکەم :** جیاوازیی ئاماریی لەسەر ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٥) نیە لەنێوان هەردوو ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی کەوانەیان پێدەوترێت بەستراتجی فێربوونی چالاک لەتاقیکردنەوەی (پێشەکی و پاشەکی) لە بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان.

- **گریمانەی دووەم**: جیاوازیی ئاماریی لەســـەر ئاســـتی بەڵگەداریی (٠,٠٥) نییە لەنێوان هەردوو ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو کەوانەیان پێدەوترێت بە ڕێگای باو لەتاقیکردنەوەی (پێشـــەکی و پاشـــەکی )لەبەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان.
- **گریمانی ســـێیەم:** جیاوازیی ئاماریی لەســـەر ئاســـتی بەڵگەداریی (٠,٠٥) نییە لەنێوان هەردوو ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی (پاشـــەکی) لای قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی (ئەزموونیی و کونترۆڵکراو) لەبەدەســـتهێنانی چەمکە جوگرافییەکان .

**١-٥سنوری توێژینەوەکە:**

- **ســـنووری بابەتی :-** بەندەکانی(یەکەم و دووەم و ســێیەم ) پرۆگرامی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان / جوگرافیا بۆ پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی چاپی یەکەم بۆساڵی ٢٠٢٣.
- **سنووری مرۆیی**:-خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی قوتابخانەی دابانی بنەڕەتی.
- **سنووری شوێنی** :- قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوەندی شاری سلێمانی.
- **سنووری کاتی** :- ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٤-٢٠٢٥) وەرزی دووەم .

**١-٦پێناسەی چەمک و زاراوەکان:-**

**١-٦-١کاریگەریی**: (نورة ، ٢٠٢٣ ) پێناســەی کاریگەریی دەکات بە :توانای ڕێکخراوە بۆ گەیشــتن بە ئامانجێک کەئەم توانــایە بۆپێوانەکردنی بەکــاردەهێنرێــت لە مۆدێلێکەوە وەرگیراوە، زۆرجــار وەک گۆڕاوێکی وابەســـتە بۆ گۆڕاوە سەربەخۆکانی تر، وەک پێکهاتە بەکاردەهێنرێت.( نورة ، ٢٠٢٣ : ١٠)

**پێناســـەی ڕێککاری توێژەران بۆ کاریگەری**: زانینی ڕادەی گۆڕان لە گروپی ئەزموونی کەوانەیان پێدەوترێتەوە بە ستراتیجییەکانی فێربوونی چالاک (نەخشەی چەمکەکان – یاری کردن (دەرگای داخراو) – کارتە ڕەنگاوڕەنگەکان ).

**١-٦-٢ســـــتراتیج** : (قاضـــی ، ٢٠٢٣ )پێناســـەی ســـتراتیج دەکات بە : بریتیە لەکۆمەڵێک ڕێککاری وانەووتنەوەو هەڵسوکەوت و بنەماو پرەنسیپە ، کە ماموستا ئەنجامی دەدات بە مەبەستی خستنە ڕوو ، ڕێکخستن ، ڕاهێنان و گفتوگۆ لە پرۆسەی وانەووتنەوەدا . (قاضی ، ٢٠٢٣ : ٤٢)

**پێناسەی ڕێککاری توێژەران بۆ ستراتیج :** بریتیە لە هەموو ئەو ڕێگاو شێوازانەی کە لەلایەن توێژەرەوە دەگیرێتەبەر بە مەبەستی هاتنەدی ئامانجێکی دیاریکراو ، ئەم ئەمانجە لەهەر بوارێک بێت لە بوارەکانی زانیاری یاخود سۆزداری یاخود جوڵەیی ، بێگومان گرتنەبەری ئەوڕێگاوشێوازانە دەبێت ڕەچاوی گونجاویان بکرێت لەگەڵ پرۆگرام و قۆناغی خوێندنیان .

**١-٦-٣فێربوونی چالاک** (عبدالقادر ، ٢٠١٨ ) پێناســەی فێربوونی چالاک دەکات بە : بریتیە لە جێبەجێکردنی کار ، یان جێبەجێکردنی بابەتەکە لە دۆخی فێرکاریدا کە مامۆســتا وەک ڕاهێنەر کاردەکات ، نەک تەنها وەک وانەبێژێک ڕۆڵ ببینێت ، وە قوتابیانش لە پرۆسەکەدا دۆزینەوەکانیان دەربارەی بابەتەکە بنیات دەنێن.(عبدالقادر ، ٢٠١٨ : ١٧٨)

**پێنـاســـەی ڕێککـاری توێژەران بۆ فێربوونی چالاک** : فێربوونی چالاک پرۆســـەیەکە کە تێیدا قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی تێدا کارا دەکرێن لە ڕێگەی ســـتراتیجیەکانی (نەخشـــەی چەمکەکان – یاری کردن (دەرگای داخراو) – کارتە ڕەنگاوڕەنگەکان ) بەمەبەستی بدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان .

**١-٦-٤چەمکەکان:**(عبد الصاحب ، ٢٠١٢ ) پێناسەی چەمکە زانستیەکان دەکات بە :-کۆمەڵێک شت و هێمایە کە لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە هاوبەشە گشتییەکانیان بەیەکەوە کۆدەکرێنەوە کە دەتوانرێت به ناوێک یان هێمایەکی تایبەت ئاماژەی پێبدرێت (عبد الصاحب ، ٢٠١٢ : ٣٣).

**پێناسـەی ڕێککاری توێژەران بۆ چەمکەکان:** پێکدێت لە تاقیکردنەوەی هەژدە برگە بۆ بەدەستهێنانی (٦) چەمک لە شێوازی هەڵبژاردن لە لایەن توێژەر ئامەدەکراوە لە بابەتی جوگرافیا لە بەندەکانی ( یەکەم و دووەم و سێیەم ) .

**بەشی دووەم : چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو**

**٢-١ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک :**

توێژەر بۆ ئەم توێژینەوەیە(٣)ستراتیجی بەکارهێناوە کە بەگونجاوی زانیوە بۆ ئەو تەمەن و قوناغەی خوێندنی قوتابیان و گونجاوییان لەگەڵ پرۆگرامی خوێندن ئەوانیش :

**١-ستراتیجی نەخشەی چەمکەکان:**

نەخشەی چەمک ئامرازێکی گرافیکییە بۆ ڕێکخستن و پەیوەندییەکانی نێوان چەمکەکان . دەتوانین چەمک پێناسە بکرێت بە ڕێکخستنی زانین لە شێوەی نەخشەی چەمکیدا ، نەخشەی چەمک لەوانەیە پەیوەندی بە هەندێک دۆخ یان ڕووداوەوە هەبێت کە ئێمە هەوڵی تێگەیشتنیان دەدەین . (2006:1,2 Novak, & Cañas)

**هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیجی نەخشەی چەمکەکان:**

١-دیاریکردنی چەمکی سەرەکی بابەتەکە پێویستە یەک ووشە بێت .

٢-هەریەک لەو چەمک و بخرێتە ناو چوارچێوەیەک

٣-ئەوچەمکە سەرەکیانە دەخرێنە سەرەوەی لاپەڕەکە.

٤-پێویستە هێڵەکان لەچەمکی سەرەکیەوە بەرەو خوار ڕابکێشرێت .

٥-ووشەی پەیوەندی دابنرێت و بە ووشەیەک بەشەلاوەکیەکان دیاری بکرێت . ( عزیز ، ٢٠١٤ :٥٣،٥٤)

**گرنگی نەخشەی چەمک بۆ قوتابیان:**

١-یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ کۆکردنەوەی مێشک و دروستکردنی بیرۆکەی نوێ.

٢-هاندانی قوتابیان بۆ دۆزینەوەی چەمکە نوێیەکان .

٣-یارمەتیدانی قوتابیان بۆ تێکەڵکردنی چەمکە نوێیەکان لەگەڵ چەمکەکۆنەکان.

٤- بەتواناکردنی قوتابیان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر. ( Shaimaa,2018 : 11)

**ستراتیجی یاریکردن(Game-Based Learning Strategy)**

یاریکردن بریتییە لە ڕاهێنان بۆ ئەزموونە ڕاستەقینەکانی ژیانی داهاتوی منداڵ ، یاریکردن پێویستە بۆ جەستە و دەروونێکی تەندروست ، منداڵان لە ڕێگەی یاری کردنەوە جیهانی دەوروبەریان دەگەڕێن و ڕۆڵی نوێ دەدۆزنەوە و ڕێگە بە منداڵان دەدات خەیاڵەکانیان بگۆڕن بۆ ڕاستی . یاریکردنی منداڵان وەک پرۆڤەیەکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکییەکان. (Elizabeth , 2024 : 2)

هێڵکاری(٢-١) هەنگاوەکانی وانەووتنەوە بە ڕێگای یاریکردن




**گرنگی ستراتیجی یاری کردن : -**

١-گرنگی لە ڕوانگەی زانینەوە : بەشدارە لە زانینی ڕاستیەکان و بەدەستهێنان و ڕاگرتنی چەمکەکان .

٢-گرنگی لە ڕوانگەی دەروونیەوە : قوتابی دەتوانێت بەهۆی یارییە پەروەرەییەکانەوە پێداویستیە دەروونیەکانی تێر بکات لە ئازادی ، پراکتیکی سەرکردایەتی ، ڕێکوپێکی و کۆمەڵایەتی .

٣- گرنگی لە ڕوانگەی جەستەییەوە : پەرەپێدانی ماسولکەکانی جەستەی منداڵ و زیادکردنی توانای جوڵەی لە ڕێگەی بازدان و ڕاکردن و وێنە کێشانەوە . (محمود ، ٢٠٢٠:١٢ ، ١٣ )

**ستراتیجی کارتە ڕەنگاوڕەنگەکان(Colored Cards Strategy)**

ئەم ستراتیجە بەندە بە هەڵسەنگاندنی ئاستی تێگەیشتنی قوتابی لە وانەکە ، بە دانانی گرووپێک پرسیارەکان لەسەر کارتەکان دەنوسرێت ، ئەمەش ستراتیژییەکی سەرنجراکێش و گونجاوە بۆ قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی. (أبوالحاج و المصالحة ، ٢٠١٦ : ١٥٦ )

**هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیجی کارتە ڕەنگاوڕەنگەکان:**

١-مامۆستا قوتابییەکان دەکات بەچەند گرووپێک ، باشتر وایە هەر گرووپێک لە شەش قوتابی زیاتر نەبێت .

٢- بابەتی وانە بەشێوەی (پرسیارو وەڵام ) ی ئاستی جۆراو جۆر ئامادە دەکات .

٣- پرسیارەکان بەشێوەی تیرووپشک لەسەبەتەیەک لای وایت بۆردەکە دادەنێت .

٤-مامۆستا بە شێوەیەکی هەرەمەکی قوتابییەک لە گرووپێک دەست نیشاندەکات بۆ ڕاکێشانی پرسیارێک لەو تیرو پشکەی لای خۆی داینراوە.

٥-پرسیاری هەڵبژێردراو ئاراستەی گرووپەکە دەکرێت و داوای وەڵامی لێدەکرێت .

٦-بەوشێوەیە بەئەندازەی کاتی وانەکە،قوتابییەکان لەنێو گرووپەکانیان سەرقاڵی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان.

٧-لە کۆتاییدا هەر گرووپێک زۆرترین کارتی ڕەنگی گرووپەکەی بۆ هەڵواسرا لەسەر وایت بۆردەکە ئەوا بە براوە دادەنرێت. (عزیز ، ٢٠٢٣ : ٥٨، ٥٩ )

**٢-٢ توێژینەوەکانی پێشوو:**

خشتەی ژمارە (١)خستنە ڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

| ناوی توێژەرو وولات و ساڵی ئەنجامدانی | ناونیشانی توێژینەوە | ئامانجی توێژینەوە | میتۆدی توێژینەوە | کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوە | ئامرازی توێژینەوە | دەرئەنجامی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سۆران حمە امین احمد ملا ٢٠٢٤ / هەرێمی کوردستان | کاریگەری ستراتیجیەتی فێرکردنی ئاوێتە لە بەدەستهێنانی چەمکە مێژووییەکان و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی بینینی لای خوێندکارانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی | زانینی کاریگەری ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە لەسەر بەدەستهێنانی چەمکەمێژووییەکان لای خوێندکارانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی. | ئەزموونی | کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتی بووەلە خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان– کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی (٧٩) خوێندکار ، نمونەی توێژینەوەکە ئەزموونی (٣٠ ) خوێندکار کۆنترۆڵکراو (٣٠ ). | (هاوکۆلکەی کۆپەر -هاوکۆلکەی پەیوەنی (پێرسۆن) - تاقی کردنەوەی تائی یەک نمونەیی و دوو نموونەیی -ناوەندی ژمێرە -هاوکۆلکەی ئاسانی و گرانی و هاوکۆلکەی جیاکاری ) | بەکارهێنانی ستراتیجی فێرکردنی ئاوێتە کاریگەری هەیە لەسەر بەدەستهێنانی چەمکەکان و بیرکردنەوەی بینینی لەلای خوێندکاران لەبابەتی مێژوو ، بۆ بیرکردنەوەی بینینی فێرکردنی ئاوێتە کاریگەری هەیە بەڵام فێرکردنی ئاسای کاریگەری نیە. |
| زینب علی عبدالحسین اللامی ٢٠١٩ / عێراق | أثر استراتيجية بديودى (PDEODE) في إكتساب المفاهيم الجغرافية لدى طالبات الأول المتوسط | ئامانجی توێژینەوەکە زانینی کاریگەری ستراتیژی( PDEODE)لەسەر بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان لەنێو | ئەزموونی | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردە لە شاری بەغدا، نمونەی توێژینەوەکە ناوەندی | تاقیکردنەوەی (t-test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ - هاوکۆلکەی پێرسۆن بۆ ڕێژەی متمانەپێکردن - | ئەم ستراتیژە کاریگەرترە لە بەکارهێنانی میتۆدی تەقلیدی چونکە ستراتیجی وانەوتنەوەیەکی سەردەمیانەیە . |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | خوێندكارانی قۆناغی یەكەمی ناوەندی (كچان) | | (بنت الهدى )كچان ژمارەی ئەندامانی. نموونەی توێژینەوەكە ٦٦ خوێندكار، ٣٣ خوێندكار بۆ گرووپی ئەزمونی و ٣٣ خوێندكار بۆ گرووپی كۆنترۆڵ بووە. | هـــاوكـــۆلـــكەی سپیرمان-براون - هاوكۆلكەی فاكتەری كاریگەر - هاوكۆلكەی جیاكاریهاوكۆلكەی كاریگەری گۆڕاوە هەڵەكان ) . | |
| شەماڵ ازاد عبدالله - ٢٠٢١- هەرێمی كوردستان | أثر استخدام استراتيجية (Jigsaw) في إكتساب المفاهيم العلمية لدى طلاب الصف الحادي عشر العلمي | ئامانجی توێژینەوەكە دیاریكردنی كاریگەری بەكارهێنانی ستراتیجی جیكسۆیە لە بەدەستهێنانی چەمكە زانستییەكان لەنێو خوێندكارانی پۆلی یازدەیەمی زانستی | وەسفی و ئەزموونی | كۆمەڵگەی توێژینەوەكە بریتیە لە ٨٣ قوتابخانەی ئامادەیی هەموو قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی زانستی لە پارێزگای هەولێر ژمارەیان(٧٤٢٨) نموونەی توێژینەوەكە بریتی بوو لە (٥٤) خوێندكار لە خوێندنگەی (احمد اسماعیل نانەكەلی ) ی كوڕان (٢٧) خوێندكار | (تاقیكردنەوەی -t test) بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ- هاوكۆلكەی جیاكاری - هاوكۆلكەی كاریگەری گۆڕاوە هەڵەكان - هاوكۆلكەی كۆپەر - ئەلفا-كرۆنباخ ) | ستراتیجی جیكسۆ لە شێوازی تەقلیدی لە سەرووترە لە بەدەستهێنانی چەمكەكان لەلایەن قوتابیانی پۆلی دەیەمەوە لە بابەتی بایۆلۆجیدا، قەبارەیەكی گەورەی كاریگەریی هەیە. |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بۆ گرووپی ئەزمونی و<br>کۆنترۆڵکراو . | | | | |

**٢-٢-١ شیکاری بەراورد کردنی توێژینەوەکانی پێشوو :-**

ئاماژە بەو توێژینەوانەی خراونەتە ڕوو توێژەر بەراوردی ئەم توێژینەوەیەی کرد بە توێژینەوەکانی پێشوو بە مەبەستی دەرخستنی ئاستی پەیوەندی و لێکچوون و جیاوازی نێوانیان :

**١-شـــوێنی ئەنجامدانی توێژینەوە :** توێژینەوەی (أحمد ملا ٢٠٢٤ ) لە هەرێمی کوردســـتان ئەنجامدراوەو بەزمانی کوردی ، توێژینەوەی (عبدالله ٢٠٢١) لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە بەڵام بەزمانی عەرەبیە ، توێژینەوەی (اللامی ،٢٠١٩) لە عێراق بەزمانی عەرەبی ئەنجامدراوە، ئەم توێژینەوەیەش لە هەرێمی کوردســـتان ئەنجام دراوە و بەزمانی کوردیە.

**٢-ئامانجی توێژینەوەکان :** توێژینەوەی (أحمد ملا ٢٠٢٤ ) ئامانجی زانینی کاریگەری ســـتراتیجی فێرکردنی ئاوێتە لەســـەر بەدەســـتهێنانی چەمکەمێژووییەکان لای خوێندکارانی بەشـــی زانســـتە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی ســـلێمانی ، توێژینەوەی (عبدالله ٢٠٢١) دیاریکردنی کاریگەری بەکارهێنانی ســـتراتیجی جیکســـۆیە لە بەدەســـتهێنانی چەمکە زانستییەکان لەلای خوێندکارانی پۆلی یازدەیەمی زانستی ، توێژینەوەی (اللامی ،٢٠١٩) زانینی کاریگەری ستراتیژی( PDEODE )لەســـەر بەدەســـتهێنانی چەمکە جوگرافییەکان لەنێو خوێندکارانی کچانی قۆناغی یەکەمدا ، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش زانینی کاریگەری ســـتراتیجییەکانی فێربوونی چالاک لەبەدەســـتهێنانی چەمکەکان لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لەبابەتی جوگرافیادا.

**٣-میتۆدی توێژینەوەکـان :** ســـەرجەم توێژینەوەکـان و ئەم توێژینەوەیەش میتۆدی ئەزمونیـان بەکـار هێنـاوە جگەلە توێژینەوەی (عبدالله ٢٠٢١)کە هەردوو میتۆدی وەسفی و ئەزمموونی بەکارهێناوە.

**٤-قەبارەی کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکان :** توێژینەوەکانی پێشـــوو نمونەی جیاوازیان وەرگرتوە لە قوتابی ، (أحمد ملا ٢٠٢٤ ) کۆمەڵگەی توێژینەوە کەی خوێندکارانی قۆناغی ســـێیەمی بەشـــی زانســـتە کۆمەڵایەتییەکـان-کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی- زانکۆی ســـلێمانی (٧٩) خوێندکار ، نموونەی توێژینەوەکەی گروپی ئەزموونی (٣٠ ) خوێندکار گروپی کۆنترۆڵکراو (٣٠ ). (عبدالله ٢٠٢١) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە ٨٣ قوتابخانەی ئامادەیی هەموو قوتابیانی پۆلی یازدەیەمی زانســـتی لە پارێزگای هەولێر ژمارەیان(٧٤٢٨) نموونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (٥٤) خوێندکار (٢٧) خوێندکار بۆ گروپی ئەزمونی و کۆنترۆڵکراو . (اللامی ،٢٠١٩) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردە لە شاری بەغدا، نموونەی توێژینەوەکە ٦٦ خوێندکار،بووە گروپی ئەزمونی ٣٣ گروپی کۆنترۆڵ ٣٣ خوێندکار بووە.ئەم توێژینەوەیەش کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ســـەرجەم قوتابخانە بنەڕەتیەکانی شـــاری ســـلێمانی هەموو قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی کە ژمارەیان (١٠٦٠٦) مێ و (١١٤٥٥) نێرە ، نموونەی توێژینەوەکە ٤٢خوێندکار،بووە گروپی ئەزمونی ٢١ گروپی کۆنترۆڵ ٢١ خوێندکار بووە.

**٥-لەڕووی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەوە :** توێژینەوەی (أحمد ملا٢٠٢٤ ) ئامرازی توێژینەوەکەی بریتی بوە لە دوو تاقیکردنەوە: ١- بەدەستهێنانی چەمکەمێژووییەکان ، ٢- بیرکردنەوەی بینینی، توێژینەوەی (عبدالله ٢٠٢١) ئامرازی توێژینەوەکەی بریتی بوە لە تـاقیکردنەوەی چەمکە زانســـتییەکان ، لەســـەر بنەمای ئەو چەمکانە دایرشـــتووە کە بۆ تاقیکردنەوەکە دەستنیشـانکراون . (اللامی ،٢٠١٩) ئامرازی توێژینەوەکەی بریتی بوە لە تاقیکردنەوەی (١٥) چەمک لە چەمکە جوگرافیەکان . ئامرازی ئەم توێژینەوەیەش بریتی بوە لە تاقیکردنەوەی چەمکە زانســـتییەکان لە بابەتی جوگرافیا بۆ سێ بەشی سەرەتای پەرتوکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان .

**٢-٢-٢سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو :-**

توێژەر توانیویەتی لەم ڕوانەوە سود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەربگرێت :

١-لە داڕشتنی ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوەکە .

٢- چۆنیەتی نوسینی بەشی تیۆری توێژینەوەکە .

٣-بۆ دیزاین کردنی ئەزموونی توێژینەوەکە .

٤-بۆ هاوتاکردنی هەردوو گروپی توێژینەوەکە ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو .

٥- لەچۆنیەتی دانانی بڕگەکانی تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکەکان.

**بەشی سێیەم : ڕێکارەکەنی توێژینەوەکە:**

لەم بەشـــەدا باس لەهەموو ئەو ڕێکارو هەنگاوانە دەکرێت کە گیراونەتەبەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە کە پێکدێت لە میتۆدو کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکە و ئەو ئامرازە ئامارییانەی کە بەکارهاتوون بۆ کۆکردنەوەو شـــیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان

**٣-١میتۆدی توێژینەوەکە:**

میتۆدی ئەزموونی بەکـارهێنرا بۆ بە پـایـان گەیشـــتنی توێژینەوەکە ، میتۆدی ئەزموونی هەموار کردنێکی ووردو مەبەســـتداری هەلومەرجی دیاردەیەک و تێبینیکردنیەتی پاشـــان لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی ئەوگۆڕانکارییەی کەلە ئەنجامی هەمواركردنەكەدا بەسەر دیاردەکەدا دێت. (بۆکانی ، ٢٠٢٠ : ١٠١).

**٣-٢ دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە :**

پێکدێت لە ڕەنگرێژی و نەخشـــەســـازی توێژینەوەکە بەمەبەســـتی جێبەجێکردن و بە ئاکام گەیاندنی توێژینەوەکە بەپێی میتۆدی ئەزموونی ( بۆکانی ، ٢٠٢٠ :١١٦ )، وەک لەم خشتەیەدا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (٣-١) دیزاینی ئەزموونی توێژینەوەکە**

| کۆمەڵ | تاقیکردنەوەی پێشەکی | گۆڕاوی سەربەخۆ | تاقیکردنەوەی پاشەکی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | بەدەستهێنانی چەمکە زانستییەکان | ستراتیجییەکانی فێرکردنی چالاک | بەدەستهێنانی چەمکە زانستییەکان |
| کۆنترۆڵکراو | | ستراتیجییەکانی فێرکردنی ئاسایی | |

**٣-٣کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی ســەرجەم قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شـــاری ســـلێمانی بە حوکمی و ناحوکمی کە ســـەرجەمیان ژمارەیان (٢٨٨)قوتابخانەیە بۆ ســـاڵی خوێندنی ( ٢٠٢٤-٢٠٢٥ ) ژمارەی خوێندکارانی ئەو قۆناغە (١٠٦٠٦) مێ و (١١٤٥٥) نێرە . ئەم زانیارییانە لە ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی پەروەردەی سلێمانی وەرگیراوە.

**٣-٤نمونەی توێژینەوەکە:-**

دوای زانینی ژمـارەی قوتـابخـانەکـانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ، توێژەر نمونەی توێژینەوەکەی دەســـتنیشـــان کرد لە قوتابخـانەی (دابان) ی بنەڕەتی لە ســـنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات ی ژمارەی قوتابیان لە هەردوو پۆلی ئەزموونی و کۆنترۆڵ (٤٢) قوتابی بوو ، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات.

**٣-٥ هاوتایی گروپەکانی توێژینەوەکە**

**٣-٥-١ تەمەنی قوتابیان :**

لەبەر هەبوونی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوی تەمەن و توانا ئەقڵی خوێندکاران لەبەرچاونەگرتنی جیاوازیی تەمەنی خوێندکاران، دەکریت کاریگەری لە سەر ئەنجامی توێژینەوەکە هەبێت بۆ ئەو مەبەستە توێژەر لە ڕێگەی فۆرمی زانیارییەوە تەمەنی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە بەپێی (ڕۆژ و مانگ و ساڵ) وەرگرت وەك لە خشتەی(٣-٢) دا دەردەکەوێت بەهای(ت) هەژمارکراو یەکسانە بە (١.٩٤٧) ئەمەش کەمترە لە بەهای خشتەیی کە یەکسانە بە (٢.١٨) بەپێی نمرەی ئازاد (٤٠) لە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریی(٠،٠٥)، بەواتاهەردوو گرووپ هاوسەنگن لەڕووی گۆڕاوەی تەمەنەوە.

**خشتەی( ٣-٢)**

**ئەنجامی گۆڕاوی تەمەن لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنتڕۆڵکراوەدا**

| کۆمەڵ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | جیاکاری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | بەڵگەداریی ئاماریی لەئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونیی | ٢١ | ٨٠٩٥.١٢٧ | ٩١٢٨٦.٥ | ١.٩٤٧ | ٢.١٨ | ٤٠ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنتڕۆڵکراو | ٢١ | ٦١٩٠.١٣١ | ٦٧١٢٢.٧ | | | | |

**٣-٥-٢ ئاستی زیرەکی:**

بۆ تاقیکردنەوەی زیرەکی پێوەری ڕاڤن (Raven) لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنرا لەبەر ئەوەی لەگەڵ نمونەی توێژینەوەکەو ژینگەی عێراقدا گونجاوە ، (الدباغ ، ١٩٨٣ : ٦٠ ) بڕگەکانی لەسەر بنەمای بینینە، ئەمەش بە باشترین تاقیکردنەوەی زانرا . پێوەری ڕاڤن زارەکی نیە بەڵکو وێنەیە دەوەستێتە سەر ڕادەی خێرایی لە دۆزینەوەی وێنەی گونجاو بۆ تەواوکردنی وێنە سەرەکیەکە بەسەر قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی (ئەزموونی، کۆنتڕۆڵکراو )دا جێبەجێکرا،پاشان نمرەپێدانی ئاماریی بۆ داتاکان کرا، بەهای(ت) هەژمارکراو یەکسانە بە (١.٨٠٩) ئەمەش کەمترە لە بەهای خشتەیی کە یەکسانە بە (٢.٠١٨) بەپێی نمرەی ئازاد ( ٤٠) لە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریی (٠،٠٥). کەواتەهەردوو گرووپ هاوسەنگن لەگۆڕاوی زیرەکییدا ، وەك لە خشتەی ( ٣-٣)دا خراوەتەڕوو .

**خشتەی (٣-٣ )**

**ئەنجامی گۆڕاوی زیرەکی لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونیی و کۆنتڕۆڵکراوەدا**

| کۆمەڵ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | جیاکاری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | بەڵگەداریی ئاماریی لەئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونیی | ٢١ | ٣٠.٥٢٣٨ | ١٦.٠٩٨٥١ | ١.٨٠٩ | ٢.٠١٨ | ٤٠ | بەڵگەدارنییە |
| کۆنتڕۆڵکراو | ٢١ | ٢٣.٥٢٣٨ | ٧.٤٣٣٨٤ | | | | |

**٣-٥-٣ زانیاری پێشینە دەربارەی بابەتی کۆمەڵایەتیەکان-جوگرافیا:**

توێژەر بە مەبەستی زانینی زانیاری پێشینە لە بابەتی جوگرافیا لای قوتابیانی هەر دوو گروپ هەستا بە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەك لە جۆری بابەتی(هەڵبژاردن ) کە لە (١٠) بڕگە پێك هاتبوو ، پشت بەست بە ناوەڕۆکی بابەتی جوگرافیا لە پەرتوکی بابەتەکۆمەڵایەتیەکانی پۆلی (٤) ی بنەڕەتی، بۆ دڵنیابوون لە شیاویی خرایە بەردەست کۆمەڵێك لە شارەزایان و پسپۆران،پاشان جێبەجێکرا بە سەر هەردوو گرووپدا لە ڕۆژی دوو شەممە لە (٢٤-٢-٢٠٢٥ ). دوای تەواوبوونی

sjh@univsul.edu.iq

تاقیکردنەوەکە بەشێوەیەك وورد هەڵەچنی وەڵامەکان کرا بە بە جۆرێك بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست (٢) نمرەی پێدەدرا و بۆ هەر وەڵامێکی هەڵەش (سـفر) ، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی مانادارى ئامارى نییە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t.test) پاش دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ ، و بەهای(تی) ئەژمارکراو بریتی بوو (٠.٦٧٣) کەمترە لە بەهای خشتەیی (٢.٠١٨ ) لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) و نمرەی ئازاد (٤٠) ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر دوو گروپ هاوتان .بڕوانە خشتەی ژمارە (٣-٤)

**خشتەی ژمارە (٣-٤)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (تی) بۆ جیاوارزی نێوان ناوەندەژمێری زانیاری پێشینەی جوگرافیا**

| کۆمەڵ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | جیاکاری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | بەڵگەداریی ئاماریی لەئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢١ | ١٤.٨٥٧١ | ٣.٠٠٤٧٦ | ٠.٦٧٣ | ٢.٠١٨ | ٤٠ | بەڵگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ١٤.١٩٠٥ | ٣.٤٠٠٢٨ | | | | |

**٣-٥-٤ نمرەی کۆتایی ساڵی پێشوو لە بابەتی کۆمەڵایەتی :-**

توێژەر نمرەی کۆتایی سـاڵی پێشـووی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ بابەتی کۆمەڵایەتی لە تۆماری قوتابخانە وەرگرت، پاشـان توێژەر بە مەبەسـتی زانینی جیاوازی مانادارى ئامارییی لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکراودا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی مانادارى ئامارى نییە بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t.test) پاش دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ و بەهای(تی) ئەژمارکراو بریتی بوو (٠.٤١٠) کەمترە لە بەهای خشـتەیی (٢.٠١٨) لە ئـاسـتی بەڵگەداری (٠،٠٥) و نمرەی ئـازاد (٤٠) ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر دوو گروپ هـاوتـان .بڕوانە خشتەی ژمارە (٣-٥)

**خشتەی ژمارە (٣-٥)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (تی) بۆ جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری لەنمری بابەتی کۆمەڵاتی ساڵی پێشوو**

| کۆمەڵ | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | جیاکاری | بەهای (ت) | | نمرەی ئازاد | بەڵگەداریی ئاماریی لەئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونیی | ٢١ | ٧٦١٩.٨٤ | ٤٥٩٩٤.٩ | ٠.٤١٠ | ٢.٠١٨ | ٤٠ | بەڵگەدارنییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٣٣٣٣.٨٣ | ٨٥٠٤٢.١٢ | | | | |

**٣-٥-٥ئاستی خوێندنی باوکان:**

توێژەر ئـاسـتی خوێندنی باوکی قوتابیان لە ڕێگەی فۆرمێکەوە بەدەسـتهێنا چەند پلەیەکی بۆیان دیاریکرد بە پێ جۆری بڕوانامەی خوێندن، پاشـان ئاسـتی ئەکادیمییانی ریزبەند کرد لە نزمترین ئاستەوە بۆ بەرزترین ئاست،بە مەبەستی زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەر دوو گروپ هاوکۆلکەی (کا2)بە کارهێنا پاش دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکـانی هەردوو گروپ ، لە ئەنجـامدا دەرکەوت بەهـای(کـا2 ئەژمـارکراو بریتی بوو (٥.٨٧٦) کەمترە لە بەهای خشـتەیی (١١.٠٧) لە ئاسـتی بەڵگەداری (٠،٠٥) و نمرەی ئازاد (٥ ) ،واتە هاوتان لە گۆڕاوی ئاسـتی خوێندەواری باوکان بڕوانە خشتەی ژمارە(٣-٦)

sjh@univsul.edu.iq

**خشتەی ژمارە (٣-٦)**

**بەهای (کای)2 بۆ جیاوای ئاستی خوێندنی باوکان**

| پیشەی باوک / گروپ | بێ بڕوانامە | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا | بەکالۆرس | کۆ | بەهای کا٢ هەژمارکراو | بەهای کا٢ خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ١ | ٧ | ٥ | ٤ | ٤ | ٠ | ٢١ | ٥.٨٧٦ | ١١.٠٧ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ١ | ٦ | ٥ | ٤ | ١ | ٤ | ٢١ | | | |
| کۆ | ٢ | ١٣ | ١٠ | ٨ | ٥ | ٤ | ٤٢ | | | |

**٣-٥-٦ئاستی خوێندنی دایکان:**

توێژەر ئاستی خوێندنی دایکان قوتابیان بە هەمان ڕێکاری و هەنگاوەکانی پێشوو بە دەستهێنا بە مەبەستی زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەر دوو گروپ، هاوکۆلکەی (کا2)بە کارهێنا پاش دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ نمرەکانی هەردوو گروپ ، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای(کا2 ئەژمارکراو بریتی بوو (١.٣٣) کەمترە لە بەهای خشتەیی (١١.٠٧ ) لە ئاستی بەڵگەداری (٠،٠٥) و نمرەی ئازاد (٥) ،واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان هەر دووگروپدا کەواتە هاوتان لە گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایکان بڕوانە خشتەی ژمارە(٣-٧).

**خشتەی ژمارە (٣-٧)**

**بەهای (کای)2 بۆ جیاوای ئاستی خوێندنی دایکان**

| پیشەی دایک / گروپ | بێ بڕوانامە | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا | بەکالۆرس | کۆ | بەهای کا٢ هەژمارکراو | بەهای کا٢ خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٤ | ٢ | ٤ | ٣ | ٦ | ٢ | ٢١ | ١.٣٣ | ١١.٠٧ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵکراو | ٤ | ١ | ٦ | ٣ | ٤ | ٣ | ٢١ | | | |
| کۆ | ٨ | ٣ | ١٠ | ٦ | ١٠ | ٥ | ٤٢ | | | |

**٣-٦ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی چەمکە جوگرافییەکان :**

**١-دارشتنی برگەکان** :توێژەر برگەکانی تاقیکردنەوەی چەمکەکانی ئامادەکرد لە پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەشی جوگرافیا پۆلی پێنجەمی بنەرەتی لەبابەتەکانی (هەرێم - شوێن و سنوری هەرێمی کوردستان - ناوچەی شاخاوی - - ناوچەی زورگ – ئاووهەوا – هەرێمی ئاووهەوایی) کە لە (شەش) چەمکی سەرەکی پێکهاتبوو . دوای ئامادەکردنی برگەکانی تاقیکردنەوەکە بە مەبەستی زانینی ئاستی گرانی برگەکان و هێزی جیاکاری و کارایی جیگرەوە هەڵەکان، توێژەر تاقیکردنەوەکەی لە سنووری کۆمەڵگەی توێژینەوە لەسەر نموونەیەك لە دەرەوەی نموونەی توێژینەوە ئەنجامدرا. نموونەی بەرایی هاوشێوەکرد لەقوتابخانەی (United Science Colleges) کە پێکهاتبوو لە (٨٠) قوتابی لە ڕۆژی (چوارشەممە)لە بەرواری (٢٩-١-٢٠٢٥).

**٢.درووستی تاقیکردنەوەکە :**

**أ.**درووستی ڕوکەشی :پاش ئەوەی خرایە بەردەم شارەزایان و پسپۆرانی بواری پەروەردە بەمەبەستی بەخشینی ڕەوایەتی بۆ برگەکانی تاقیکردنەوەکە لەجۆری هەڵبژاردن ،پاشان ڕێژەی کۆدەنگی (١٥) کەرێژەیەکی پەسەندە بۆ بەکارهێنان بۆ تاقیکردنەوەکە.

**ب.** دروستی ناوەکی : بە مەبەستی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك بە کۆی نمرەی گشتی پێوەری چەمکە جوگرافییەکان، توێژەر هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person) بەکارهێنا. لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە سەرجەم هاوکۆلکەکانی برگەکان بەڵگەداری ئامارییان هەبوو لە سەر ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) وەك لە خشتەی (٣-٢) دیارە.

**خشتەی (٣-٢)**

**پەیوەندی نێوان برگەکان**

| ژ.برگە | بەهای پەیوەندی پێرسۆن بەکۆی گشتی پێوانەکە | ئاستی بەڵگەداری | ژ.برگە | بەهای پەیوەندی پێرسۆن بەکۆی گشتی پێوانەکە | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | .777** | .000 | ١٠ | .581** | .005 |
| ٢ | .677** | .001 | ١١ | .896** | .000 |
| ٣ | .581** | .005 | ١٢ | .581** | .005 |
| ٤ | .701** | .000 | ١٣ | .677** | .001 |
| ٥ | .498* | .018 | ١٤ | .904** | .000 |
| ٦ | .794** | .000 | ١٥ | .623** | .002 |
| ٧ | .498* | .018 | ١٦ | .821** | .000 |
| ٨ | .498* | .018 | ١٧ | .498* | .014 |
| ٩ | .677** | .001 | ١٨ | .581** | .581** |

**٣.جێگیری بۆ برگەکانی تاقیکردەوەکە** : توێژەر تاقیکردنەوەی لەسەر (٨٠ ) قوتابی لە قوتابخانەی ( United Science Colleges) لەناوەندی شاری سلێمانی ئەنجامدا لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (١٣--٢-٢٠٢٥ ) و پشتبەستراو بە شێوازی (تاقیکردنەوە و دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە)، هەروەها جیاوازیی کات لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەمدا ماوەی نزیکەی (دووهەفتە) بوو، ئەوەش بەکاتێکی گونجاو دادەنریت بەپێی ئەدەبیاتی پێوانە و هەڵسەنگاندن (الخیاط ، ٢٠١٠ ، ١٢٤) بە هەژمارکردنی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Coefficient pearson correlation) لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم بۆ دەرهێنانی هاوکۆلکەی جێگیریی تاقیکردنەوە بە بەهای (٠.٨٢٨) ئاماژە بەوە دراوە، کە هەر تاقیکردنەوەیەك جێگیرییەکەی لە نێوان (٠،٧٠ - ٠،٩٠) بێت بە تاقیکردنەوەیەکی باش دادەنرێت. ( الیاسري، ٢٠١٠، ٧٣).

**٤.شیکاری بۆ برگەکانی تاقیکردنەوەی چەمکە جوگرافییەکان** :

پاش دڵنیابوون لە تەواوکردنی بابەتی خوێندن پرۆسەی هەڵەچنی بۆ وەڵامی تیانووسەکان کرا ، دواتر ڕیزبەندکردنی ئەو نمرانە بەشێوەی ژماردنی بەرەوخوار لە بەرزترین نمرەوە بەرەو نزمترین نمرە. تاقیکردنەوەکە (١٨) برگەی لەخۆ گرتبوو، کۆی نمرەکانی (٣٦)نمرە بوو کەهەر وەڵامێکی دروست (٢)نمرەی بۆ دانراوە، کەپرسیارەکان لەجۆری هەڵبژاردن بوو کە (٤) وەڵامی بوو پێکهاتبوو بۆ جیاکاری چەمکەکان.

هەروەها هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی ڕێژەی (٥٠%) لە کۆمەڵەی ئاست بەرز و (٥٠%) لە کۆمەڵەی ئاست نزم، پاشان توێژەر وەڵامی هەردوو کۆمەڵە بەشێوەیەکی ئاماریی شیکردەوە بۆ دەرهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمێترییەکانی تاقیکردنەوەکە بەم شێوەیە خوارەوە:

**٣-٦ هێزی جیاکاری برگەکان:**

sjh@univsul.edu.iq

مەبەست لە هێزی جیاکاری ئەوەیە توانای هەر برگەیەك لەسەر جیاکردنەوەی نێوان ئەو خوێندکارانەی کە ئاست و توانایان بەرزە ئەو خوێندکارانەی، کە ئاست و توانایان نزمە لە وەڵامدانەوەی هەر برگەیەك (الکبیسي ،٢٠١٠، ١٧٨)، توێژەر هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی تاقیکردنەوەی بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان دەرهێناوە بە پشت بەستن بەم هەنگاوانە:

أ-ریزبەندیکردنی ئەو نمرانەی کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستیانهێناوە لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین نمرە.

ب-دابەشکردنی نمرەکانی نموونەی سەرەتایی توێژینەوەکە بۆ دوو کۆمەڵ، ئەوانیش ئەو خوێندکارانەی زۆرترین نمرەیان بەدەستهێناوە بە ڕێژەی (٥٠ %)، کە ژمارەیان (١١) خوێندکارە، هەروەها ئەو خوێندکارانەی، کە کەمترین نمرەیان بەدەستهێناوە بە ڕێژەی (٥٠%)،کە ژمارەیان (١١) قوتابی.

بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆن (t-Test for Two Independent) بە پشتبەستن بە بەرنامەی ئاماریی (SPSS) بۆ هەر برگەیەك. لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە سەرجەم برگەکانی تاقیکردنەوەکە توانای جیاکاریان هەیە، لەبەرئەوە نرخی هەژمارکراوی تاقیکردنەوەی تائی بۆ سەرجەم برگەکان گەورەتر بوو لە نرخی خشتەیی، کە بریتی بوو لە (١.٩٦) دەرکەوت سەرجەم برگەکان توانای جیاکاریان هەیە. لە خشتەی (٣-١٢) دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٣-٣)**

**هاوکۆلکەی جیاکاریی بۆ برگەکانی تاقیکردنەوەی چەمکە جوگرافییەکان**

| ژ. برگە | کۆمەڵەی نمرە بەرزەکان | | کۆمەڵەی نمرە نزمەکان | | نرخی تائی هەژمارکراو |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | |
| ١ | ٨١٨٢.١ | ٦٠٣٠٢. | ٩٠٩١. | ٠٤٤٤٧.١ | ٥٠٠.٢ |
| ٢ | ٢.٠٠٠٠ | ٠٠٠٠. | ٩٠٩١. | ٠٤٤٤٧.١ | ٤٦٤.٣ |
| ٣ | ٨١٨٢.١ | ٦٠٣٠٢. | ٩٠٩١. | ٠٤٤٤٧.١ | ٥٠٠.٢ |
| ٤ | ٨١٨٢.١ | ٦٠٣٠٢. | ٧٢٧٣. | ٠٠٩٠٥.١ | ٠٧٨.٣ |
| ٥ | ٨١٨٢.١ | ٦٠٣٠٢. | ٧٢٧٣. | ٠٠٩٠٥.١ | ٠٧٨.٣ |
| ٦ | ٢.٠٠٠٠ | ٠٠٠٠. | ٠٩٠٩.١ | ٠٤٤٤٧.١ | ٢.٨٨٧ |
| ٧ | ٨١٨٢.١ | ٦٠٣٠٢. | ٧٢٧٣. | ٠٠٩٠٥.١ | ٠٧٨.٣ |
| ٨ | ٨١٨٢.١ | ٦٠٣٠٢. | ٧٢٧٣. | ٠٠٩٠٥.١ | ٠٧٨.٣ |
| ٩ | ٢.٠٠٠٠ | ٠٠٠٠. | ٩٠٩١. | ٠٤٤٤٧.١ | ٤٦٤.٣ |
| ١٠ | ٨١٨٢.١ | ٦٠٣٠٢.. | ٩٠٩١. | ٠٤٤٤٧.١ | ٥٠٠.٢ |
| ١١ | ٢.٠٠٠٠ | ٠٠٠٠. | ٩٠٩١. | ٠٤٤٤٧.١ | ٤٦٤.٣ |
| ١٢ | ٨١٨٢.١ | ٦٠٣٠٢. | ٩٠٩١. | ٠٤٤٤٧.١ | ٥٠٠.٢ |
| ١٣ | ٢.٠٠٠٠ | ٠٠٠٠. | ٩٠٩١. | ٠٤٤٤٧.١ | ٤٦٤.٣ |
| ١٤ | ٨١٨٢.١ | ٦٠٣٠٢. | ٧٢٧٣. | ٠٠٩٠٥.١ | ٠٧٨.٣ |
| ١٥ | ٢.٠٠٠٠ | ٠٠٠٠. | ٣٦٣٦. | ٨٠٩٠٤. | ٧٠٨.٦ |
| ١٦ | ٨١٨٢.١ | ٦٠٣٠٢. | ٥٤٥٥. | ٩٣٤٢٠. | ٧٩٦.٣ |

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٧ | ٨١٨٢.١ | ٦٠٣٠٢. | ٧٢٧٣. | ٠٠٩٠٥.١ | ٠٧٨.٣ |
| ١٨ | ٢.٠٠٠٠ | ٠٠٠٠. | ٧٢٧٣. | ٠٠٩٠٥.١ | ١٨٣.٤ |

**ئامرازە ئامارییەکان :**

ســـود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانســـتە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی(٢٥) وەرگیراوە بۆ بەکار هێنانی ئەم ئامرازە ئامارییانەی خوارەوە:

١- هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرســـۆن (معامل الارتباط پيرســـون-Person Correlation Coefficient) بۆدۆزینەوەو دەرهێنانی جێگیری تاقیکردنەوەکە لەرێگەی دووبارە تاقیکردنەوە.(بدرو عماد ، ٢٠٠٧ : ١٥٦)

٢-ئەلفا-کرۆنباخ (Alpha Cronbachs) بۆ دۆزینەوەی جیگیری پێوەرەکە.

٣-بەکـارهێنـانی(Independent Sample T-Test) بۆدۆزینەوەی توانـای جیـاکـاری بڕگەکـان لەنێوان نمرە بەرز ونزمەکاندا.

٤-تـاقیکردنـەوەی(t)تـائی بۆ دوو نموونەی ســـەربەســـت(Independent Sample T-Test) تـاقیکردنـەوەی(t)بۆیەك نموونە(One Sample T-Test).

٥-دووبارەبونەوە(Frequency)بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی دووبارەبونەوەی هەڵبژاردەی پێوەرەکان.

١-تاقیکردنەوەی(t)بۆیەك نموونە(One Sample T-Test).

$$T.test = \frac{\bar{x}+M}{\frac{A}{\sqrt{N}}}$$

٢-تاقیکردنەوەی(t)تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست(Independent Sample T-Test)

$$T.test = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1-1)A_1^2}{n_1+n_2-2} + \frac{(n_2-1)A_2^2}{n_1+n_2-2} * \left(\frac{1}{n_1}+\frac{1}{n_2}\right)}}$$

٣-هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person Correlation Coefficient)

$$r = \frac{\sum XY - \frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{\left[\!\left[\sum_X 2 - \frac{(\sum X)^2}{n}\right]\!\right] * \left[\!\left[\sum_Y 2 - \frac{(\sum Y)^2}{n}\right]\!\right]}}$$

٤-ئەلفا-کرۆنباخ (Alpha Cranach's)

$$A = \left(\frac{K}{K-1}\right) * \left(1 - \frac{\sum_i^k = 1\, S_i^2}{S_t^2}\right)$$

sjh@univsul.edu.iq

## بەشی چوارەم

### ٤-١: ئەنجامی توێژینەوەکە و ڕاڤەکردنی:

- **گریمانەی یەکەم: جیاوازیی ئاماریی لەسەر ئاستی بەڵگەداریی (٠.٠٥) نیە لەنێوان هەردوو ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی لەتاقیکردنەوەی (پێشەکی و پاشەکی) لە بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان.**

بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوەی ئەنجامی ئەم گریمانەیە، دەستکرا بە شیکردنەوەی نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەکە(پێشەکی وپاشەکی) لەڕووی ئامارییەوە، بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی دوونموونەیی(t- Test) بۆ دوو نموونە و دۆزینەوەی بەهای (ت)هەژمارکراو بەبەراوردبە(ت) خشتەیی لە بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان ، ئەنجامی گریمانەکە بەدیارکەوت هەروەك لەخشتەی (٤-١ ) داخراوەتەڕوو.

**خشتەی (٤-١)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی بۆ جیاوازیی نێوان ناوەندەژمێری نمرەکانی بەدەستهێنانی چەمکی جوگرافی لای کۆمەڵی ئەزموونی**

| تاقیکردنەوەی | نموونە | کۆمەڵ | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | نرخی تایی | | بەڵگەداریی ئاماریی لەئاستی (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| پێشەکی | ٢١ | ئەزموونی | ١٧.٧٦١٩ | ٦.٣٥٥٣٥ | ٢٠ | ٤.٦٢٢ | ٢.٠٨٠ | بەڵگەدارە |
| پاشەکی | | | ٢٥.٥٧١٤ | ٢.٩٢٥٢٦ | | | | |

بە ئاماژەکردن بەخشتەی ( ٤-١) دەردەکەوێت بەهای (ت) هەژمارکراو یەکسانە بە(٤.٦٢٢) و بەهای خشتەیی یەکسانە بە(٢.٠٨٠ )لە نمرەی ئازاد ( ٢٠) لە ئاستی بەڵگەداریی (٠.٠٥) ، لەبەرئەوەی کە بەهای (ت ) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کەواتە جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی ئاستی بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەرەتی کۆمەڵی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پێشەکی پێش خوێندنی پرۆگرامەکە بەراورد بە تاقیکردنەوەی پاشەکی دوای خوێندنی پرۆگرامەکەدا، ئەوەش لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی (پاشەکی)دایە، واتە: ڕەتکردنەوەی گریمانەی (یەکەم)کە ئاماژە بەوە دەکات، کە جیاوازی نییە لەنێوان هەردوو تاقیکردنەوەکە و قبوڵکردنی گریمانەی جێگیرەوە. بۆ دۆزینەوە و زانینی قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی(سەربەخۆ) لەسەر گۆڕاوی (پاشکۆ) تایبەت بە بەکارهێنانی لە قەبارەی جیاوازیی بەکارهێنراوی دوای(ت)کە جیاوازییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ (فێربوونی چالاک )، پاش گۆڕینی بەهای (ت) هەژمارکراو بۆ بەهای(D)، کە ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی قەبارەی ئەو کاریگەرییە، کە بەشێوەیەی چوار ڕەهەندییە وەک(بچووک، ناوەند، گەورە ، زۆر گەورە) بەو شێوەیەی کە لە خشتەی( ٤-٢) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(٤-٢)**

**قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ**

| ئامرازی بەکارهاتوو | قەبارەی کاریگەری | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بچووک | ناوەند | گەورە | زۆر گەورە |
| بەهای (D) | ٠.٢ | ٠.٥ | ٠.٨ | ١.٣ |

(البکل،٢٠١٦: ٢٥)

بۆ دیاریکردنی قەبارەی کاریگەری ستراتیجیەکانی فێروونی چالاک لەسەر جیاوازیی ناوەندە نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی و پێشەکی گۆڕاوی پاشکۆ بۆ کۆمەڵەی ئەزموونیی لە بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان ، هەروەک لە خشتەی (٤-٣)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٤-٣)**

**دیاریکردنی قەبارەی کاریگەری ستراتیجیەکانی فێروونی چالاک لەسەر تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافیاکانی کۆمەڵەی ئەزموونیی**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | بەهای تی | نمرەی ئازاد | بەهای (D) | قەبارەی کاریگەر |
|---|---|---|---|---|---|
| فێربوونی چالاک | بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافیاکان | ٤.٦٢٢ | ٢٠ | ١.٥٧ | زۆر گەورە |

ئاماژەکردن بە خشتەی (٤-٣) دەردەکەوێت کە قەبارەی کاریگەری ستراتیجیەکانی فێروونی چالاک زۆر گەورەیە لە جیاوازیی نمرەی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی گۆڕاوی پاشکۆی کۆمەڵەی ئەزموونیی لە بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان لای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەرەتی، کە بەهای (D) هەژمارکراو یەکسانە بە(١.٥٧) ئەمەش بەهایەکی زۆر گەورەیە و لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکیدایە.

- **گریمانەی دووەم: جیاوازیی ئاماریی لەسەر ئاستی بەڵگەداریی (٠.٠٥) نییە لەنێوان هەردوو ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو لەتاقیکردنەوەی (پێشەکی و پاشەکی )لەبەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان .**

بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوەی ئەنجامی ئەم گریمانەیە، دەستکرا بە شیکردنەوەی نمرەکانی هەردوو تاقیکردنەوەکە(پێشەکی وپاشەکی) کۆمەڵی کۆنترۆڵکراودا لەڕووی ئامارییەوە، بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی دوونموونەیی(t- Test) بۆ دوو نموونە و دۆزینەوەی بەهای (ت)هەژمارکراو بەبەراوردبە(ت) خشتەیی لە بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان ، ئەنجامی گریمانەکە بەدیارکەوت. هەروەك لە خشتەی ( ٤-٤) داخراوەتەڕوو.

**خشتەی (٤-٤)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی بۆ جیاوازیی نمرەی بەدەستهاتووی چەمکی جوگرافی لەنێوان کۆمەڵەی کۆنترۆلکراو**

| تاقیکردنەوە | نموونە | کۆمەڵ | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | نرخی تایی: هەژمارکراو | نرخی تایی: خشتەیی | بەڵگەداریی ئاماریی لەئاستی (٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **پێشەکی** | ٢١ | کۆنترۆڵکراو | ١٧.٧١٤٣ | ٤.١١٢٧٠ | ٢٠ | ٤.٩٥٦ | ٢.٠٨٠ | بەڵگەدارە |
| **پاشەکی** | | | ٢٢.٤٧٦٢ | ٣.٥٤٤٢٨ | | | | |

ئاماژەکردن بە خشتەی(٤-٤) دا دەردەکەوێت کە بەهای (ت) هەژمارکراو یەکسانە بە(٤.٩٥٦) و بەهای خشتەیی یەکسانە بە(٢.٠٨٠) نمرەی ئازاد بریتییە لە (٢٠) لە ئاستی بەڵگەداریی (٠.٠٥)دایە، لەبەرئەوەی کە بەهای(ت ) هەژمارکراو گەورترە لە بەهای (ت) خشتەیی بۆیە ئاماژەیە بەوەی کە جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی ئاستی وەرگرتنی چەمکە جوگرافیاکان لای قوتابیانی کۆمەڵی کۆنترۆلکراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی پێش خوێندنی پرۆگرامەکە بەراورد بە تاقیکردنەوەی پاشەکی دوای خوێندنی پرۆگرامەکەدا، ئەوەش لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی (پاشەکی)دایە،

sjh@univsul.edu.iq

واتە: ڕەتکردنەوەی گریمانەی (دووەم)کە ئاماژە بەوە دەکات جیاوازی نییە لەنێوان هەردوو تاقیکردنەوەکە و پەسەندکردنی گریمانەی جێگیرەوە،

- **گریمانی سێیەم: جیاوازیی ئاماریی لەسەر ئاستی بەڵگەداریی (٠.٠٥) نییە لەنێوان هەردوو ناوەندە ژمێرەیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی (پاشەکی) لای قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی (ئەزموونیی و کونترۆڵکراو) لەبەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان .**

بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم گریمانەییە، توێژەر ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ بەراوردکردنی نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ چەمکە جوگرافییەکانی قوتابیانی هەردوو کۆمەڵی توێژینەوە دەرهێنا بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی دوو نموونەیی(t-Test) بۆ هەردوو کۆمەڵی ئەزموونیی و کونترۆڵکراو لە ڕێگەی بەرنامەی ئاماریی (spss) لە ئەنجامدا دەرکەوت نرخی(ت) ئەژمارکراو کە (٣.٤٤١) نمرە بوو گەورەتر بوو لە نرخی خشتەیی، کە(٢.٠٨٠)بە نمرەی ئازاد (٤٠) لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) بڕوانە خشتەی (٤-٥).

خشتەی (٤-٥)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ جیاوازیی نمرەی بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان لەنێوان کۆمەڵی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو

| کۆمەڵ | نموونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | نرخی تایی | | بەڵگەداریی ئاماریی لەئاستی (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزموونیی | ٢١ | ٢٥.٥٧١٤ | ٢.٩٢٥٢٦ | ٤٠ | ٣.٤٤١ | ٢.٠٨٠ | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆڵکراو | ٢١ | ٢٢.٤٧٦٢ | ٣.٥٤٤٢٨ | | | | |

بە سەرنجدان لە خشتەی (٤-٥) دەردەکەوێت، کە بەهای (ت) هەژمارکراو یەکسانە بە(٣٠٤٤١)بەهای خشتەیی یەکسانە بە(٢.٠٨٠) نمرەی ئازاد بریتییە لە (٤٠) لە ئاستی بەڵگەداریی (٠.٠٥)دایە. لەبەرئەوەی کە بەهای (ت) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی، بۆیە ئاماژەیە بەوەی کە جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵی ئەزموونی لە تاقیکردنەوەی پاشەکییدا بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا لە ئاستی بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافییەکان لە بەرژەوەندی کۆمەڵی قوتابیانی ئەزموونییە کە بەشێوەی ستراتیجی فێربوونی چالاک خوێندوویانە. واتە ڕەتکردنەوەی گریمانەی سێیەم کە ئاماژە بەوە دەکات جیاوازی نییە لە نێوان هەردوو نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی هەردوو کۆمەڵەکە.

پەسەندکردنی گریمانەی جێگیرەوە، واتە: هەبوونی جیاوازی لەنێوان هەردوو نمرەکانی تاقیکردنەوەکاندا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە دەرئەنجامی بەکارهێنانی ستراتیجی فێربوونی چالاک تایبەت بە مامۆستا و قوتابیان بەشێوەی ئامادەکراو کاریگەری زۆری هەیە لە وەرگرتنی چەمکە جوگرافییەکان بۆ قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەرەتی بەراورد بە قوتابیانی کۆمەڵی کۆنترۆڵکراو کە بەشێوەی ئاسایی خوێندوویانە. بۆ دۆزینەوە و زانینی قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی(سەربەخۆ) لەسەر گۆڕاوی (پاشکۆ) تایبەت بە بەکارهێنانی لە قەبارەی جیاوازیی بەکارهێنراوی دوای(ت)کە جیاوازییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ (فێربوونی چالاک )، پاشان بە گۆڕینی بەهای (ت) هەژمارکراو بۆ بەهای(D) ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی قەبارەی ئەو کاریگەرییە، کە بەشێوەیەی چوار ڕەهەندییە وەک(بچووک، ناوەند، گەورە، زۆر گەورە) بەو شێوەیەی کە لە خشتەی(٤-٦) خراوەتەڕوو.

sjh@univsul.edu.iq

**خشتەی(٤-٦)**

**قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ**

| ئامرازی بەکارهاتوو | قەبارەی کاریگەری | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بچووک | ناوەند | گەورە | زۆر گەورە |
| بەهای (D) | ٠.٢ | ٠.٥ | ٠.٨ | ١.٣ |

(البكل،٢٠١٦: ٢٥)

بۆ دیاریکردنی قەبارەی کاریگەری فێربوونی چالاک لەسەر جیاوازیی ناوەندە نمرەکانی تاقیکردنەوەی پاشەکی گۆڕاوی پاشکۆ بۆ هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونیی و کۆنترۆڵکراو لە وەرگرتنی چەمکە جوگرافییەکان هەردوو کۆمەڵ، هەروەک لە خشتەی(٤-٧)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (٤-٧)**

**دیاریکردنی قەبارەی کاریگەری فێربوونی چالاک لەسەر تاقیکردنەوەی پاشەکی بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافیەکانی کۆمەڵەی ئەزموونیی و کۆنترۆڵکراو**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | بەهای تی | نمرەی ئازاد | بەهای (D) | قەبارەی کاریگەر |
|---|---|---|---|---|---|
| فێربونی چالاک | بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافیاکان | ٣.٤٤١ | ٢٠ | ٠.٩٥ | گەورەیە |

ئاماژەکردن بە خشتەی (٤-٧) دەردەکەوێت کە قەبارەی کاریگەری فێربوونی چالاک گەورەیە لە جیاوازیی نمرەی تاقیکردنەوەی پاشەکی گۆڕاوی پاشکۆی کۆمەڵەی ئەزموونیی و کۆنترۆڵکراو لە وەرگرتنی چەمکە جوگرافییەکان لای قوتابیانی پۆلی قۆناغی پێنجەمی بنەرەتی، کە بەهای (D) هەژمارکراو یەکسانە بە(٠.٩٥) ئەمەش بەهایەکی گەورەیە، کە لەبەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونییدایە.

**-لێکدانەوەی ئەنجامەکان :**

لە ڕێگەی ئەو ئەنجامانەی کە لە لایەن توێژەرەوە لە خشتەکاندا خراونەتەڕوو، ئەوە بە ڕوونی دەرکەوت سەرکەوتنی خوێندکارانی گروپی ئەزموونگەری ئەوانەی وانەیان پێ وتراوە بە ستراتیجییەکانی فێربونی چالاک ،بە بەراورد بە خوێندکارانی گروپی کۆنترۆڵکار کە هەمان بابەتیان خوێندووە بە پێی ڕێگای (ئاسایی) لە تاقیکردنەوەی چەمکە جوگرافییەکان ، توێژەر هۆکاری ئەمەش ڕوونیکردەوە بە چەند هۆیەک ، وەک :

١-بەکارهێنانی ستراتیژییەتی ( **نەخشەی چەمکەکان** ) ، لەگەڵ چالاکییە جیاوازەکانی لە هەموو هەنگاوەکانی توێژینەوەکەدا ، کە چەندین ڕێگە و شێواز لە وانەی جوگرافیا ، ئەوەش یارمەتی خوێندکارانی گرووپی ئەزموونگەری داوە نەخشەسازی چەمک یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکە ئاڵۆزەکان ، یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی هەوڵدانە کە قوتابیان زیاتر لە چەمکەکانی بابەتەکە تێبگەن لە ڕێگەی کارلێککردنیان لەگەڵ بابەتی خوێندن .

٢-ستراتیژییەتی (**ستراتیجی یاری کردن**) کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر و کارلێکی ئەرێنی لەگەڵ بابەتەکانی جوگرافیاو دەسکەوتی چەمکان قوتابیان بەچێژو خۆشیەکەوە بەشداریان لە وانەکەدا دەکرد و ئەزمونیان دەبەخشییە قوتابیان .

٣- ستراتیژییەتی(**کارتە ڕەنگاوڕەنگەکان**) وای کرد خوێندکارانی گروپی ئەزموونگەری زیاتر بایەخ بدەن بە خوێندنەوەی کوردی و کارلێک و تێگەیشتنیان زیاتر بوو ئەمەش بە هۆی پێشکەشکردنی بابەتەکە بە شێوەیەکی نوێ کە پێشتر بەم شێوەیە وەریانگرتووە.

**دەرئەنجامەکان :-**

١-بەکارهێنانی ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک کاریگەری هەیە لە بەدەستهێنانی چەمکە جوگرافیەکان لەلای قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی .

٢- ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک کاریگەری هەیە لەسەر قوتابیان کە وەک بیرمەندێکی چالاک بیربکەنەوە زانیاریەکان لە یادگەیاندا بپارێزن .

٣- ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک کاریگەرترە لە بەکارهێنانی میتۆدی تەقلیدی چونکە ستراتیجی وانەوتنەوەی سەردەمیانەن و خوێندکار سەنتەرە بۆ فێربون و زیاتر هزریان بەکاردێنن وەک لەوەی تەنیا زانیارییەکان ئەزبەر بکەن .

**ڕاسپاردەکان :-**

١- هاندانی مامۆستایانی جوگرافیا بۆ گرنگیدان بە چەمکە جوگرافییەکان و زیاتر ڕوونکردنەویان بۆ خوێندکاران بۆئەوەی لەهزریاندا بمێنێتەوە .

٢-کردنەوەی خولی گەشەپێدان بۆ مامۆستایانی جوگرافیا لە وەزارەتی پەروەردە بۆ ئاگادارکردنەویان لە ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک .

٣- مامۆستایانپشت ببەستن بە بەکارهینانی میتۆدی مۆدێرن لە وانەوتنەوە و پشت نەبەستن بە میتۆدی تەقلیدی چونکە ستراتیجە مۆدێرنەکان شارەزایی مامۆستایان لە تواناکانی وانەوتنەوە زیاد دەکەن، چالاکیی زیاد دەکەن و بێزاری لەناو دەبەن.

**پێشنیارەکان :-**

١-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەویە بۆ بابەتەکانی تر و قۆناغەکانی دیکەی خوێندن.

٢-لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان ستراتیجێکی مۆدێرن و ستراتیجێکی کۆن و کاریگەری هەریەکەیان لە بەدەستهێنانی چەمکەکان.

٣-کاریگەری ستراتیجەکانی فێربوونی چالاک لەسەر گۆڕاوەکانی تری وەک بیرکردنەوەی داهێنەرانە یان ڕەخنەگرانە یان دەستکەوت لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی یاخود زانکۆ ئەنجام بدرێت .

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**


- بۆکانی ، سابیر،(٢٠٢٠):میتۆدی تەژێنەوەی زانستی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی دووەم ، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان .
- پارسا، د.محمد ،(٢٠٢١):دەروونناسی پەروەردەیی ، وە/عەباس جوامێری ، چاپخانەی تاران.
- حەمەدەمین، ڕەمەزان،(٢٠١٤):ڕێگاو شێوازە پراکتیکیەکانی وانەوهتنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر.
- سیوەیلی ، ئیدریس ، (٢٠١٧):مامۆستای کارامەو وانەوتنەوەی سەرکەوتوو،چاپی دووەم ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی.
- عزیز ، کریم أحمد ،( ٢٠٢٣ ): ستراتیژیە نوێیەکانی وانەوتنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین ، چاپی دووەم ، هەولێر .
- عەزیز، کەریم ئەحمەد(٢٠١٤): بنەما گشتیەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر
- قاضی ، ئەژی حەمە ، (٢٠٢٣ ): کاریگەری ستراتیژی شەش ڕەهەندی و SWOMلەسەر دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەو مێژووی لەی خوێندکارانی پۆلە دەیەمی وێژەیی ، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سلێمانی .

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**


- أبوالحاج ، سها أحمد ، المصالحة ، حسن خليل(٢٠١٦ ): إستراتيجيات التعليم النشط ( أنشطة وتطبيقات عملين ) . مركز ديبونو لتعليم التفكير ، الطبعة الأولى.
- البكل ،دعاء جمالعبدالصمد وزكي ، سعد يسى ورمضان ، حياة عمى محمد (٢٠١٦): فعالية إستخدام التعممالستراتيجى فى التنميه المفاهيم العلمية فى مادة العلوم لدى تلاميذ المرحلةالأبتدائية ،مجلة البحث العلمى فى التربية ، كلية البنات للعلوم ولآداب والتربية جامعة عين شمس ، الأردن .
- بدر، عماد ، سالم عيسى ، غضاب عباىنة ( ٢٠٠٧ ): مبادى الأحصاء الوصفى والأستدلالي ، ط ٢ ، دار الميسرة الأردن ، عمان
- الخياط . ماجد محمد ( ٢٠٢٠ ): أساسات القياس والتقويم فى التربية ، ط١ ، دار الراية للنشر والتوزيع، الأردن.
- الدباغ ، فخري واخرون ( ١٩٨٣ ): اختبار رافن للموصفوفات المتتابعة للمقنن للعراقيين ، القسم النضري ، مطانع جامعة الموصل ، العراق .
- عبد الصاحب ، اقبال مطشر ، واشواق نصيف جاسم (٢٠١٢ ):ماهية المفاهيم واساليب تصحيح المخطوءة ، دار صفاء للنشر و التوزيع، عمان .
- عبدالقادر ، بان أنور (٢٠١٨ ):فعاليه أستخدام احدى استراتيجيات التعمم النشط فى التوافق الشخصى والاجتماعى لدى أطفال رياض الاطفال، المؤتمر العلمى الدولى الاول، مركز التطور الاستراتيجى الاكادمى ، جامعة دهوك، العراق.
- عبدالله ، د. فواز ابراهيم(٢٠١١ ): استراتيجيات و طرائق التدريس عامة . ط/١ ، ديمەشق .
- عدس ، عبدالرحمن ( ١٩٩٨ ):علم النفس التربوي نظرة معاصرة. عمان ، أردن ، دار الفكر للنشر و التوزيع .
- عطية ، محسن على ( ٢٠٠٨ ): الإستراتيجيات الحديثة فى التدريس الفعال.دار صفاء للنشر والتوزيع ، عمان ، أردن .
- محمود ، عبير سروة عبدالحميد ( ٢٠٢٠ ): أثر استخدان إستراتيجية التعلم باللعب فى تنمية الذكاء الوجدانى وبعض المهارات الفنية لدى تلامذ المرحلة الأبتدائية ، كلية التربية جامعة أسيوط .
- مرعى ، حيلة،توفيق أحمد ، محمد محمود (٢٠٠٢):طرائق التدريس العامة .عمان ، دار الميسرة للنشر والتوزيع.
- نورة ، حدو ( ٢٠٢٣ ):بيئة العمل والفعالية التنضمية ، دراسة ميدانية ، جامعة إبن خلدون تيارات ، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية،قسم علوم الاجتماع ، جزائر .
- الياسرى ، محمد جاسم ( ٢٠١٠ ):الاسس النضرية لاختبارات التربية الرياضية ، ط ١ ، دار الضياء للطباعة والتصميم ، النجف الاشرف .


**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی :**


- Elizabeth Klein , The Pedagogy of Play in Teaching Reading: Low Tech and High Tech Interactive Reading Interactive Reading Meth, City University of New York - Hunter College .
- Novak, J. D., & Cañas, A. J, (2006): The Theory Underlying Concept Maps and How to Construct Them. Florida: Institute for Human & Machine Cognition.

▪ Shaimaa Hazem Hany Ragab ( 2018): Using Concept Maps Strategy in Developing the English Reading Comprehension Skills and Attitudes of Preparatory Students , Faculty of Girls – Ain Shams University , Journal of Scientific Revival in Education , No. 19.

**Abstract**

The aim of this research is to determine( the effects of active learning strategies upon learning scientific term for the 5th grade student and their desire toward social/ geographical subject). In this research, experiential method has been applied to reach the objectives of the research, the population is composed of the students of 5th grade in a basic schools of sulaymaniyah city, The sample consists of 42 students from Daban basic school, which is a part of the east educational administration for 2024-2025. Which is divided to two classes: experiential andcontrolled. Equivalence has been noticed between (د،ج ) classes in the variables of age, IQ levels, their final grade from last year in social subjects, academic levels of their parent, pre-exam for students previous informations in geography subject and assesing their desire for geography subject before examination. It came into view that they are equivalent in those variables that has been mentioned before, hence the researchers suggested new lecturing strategies to be used for social program subjects.and to give awareness to social subjects teachers That students are learning better and are more active in class by using active learning strategies. In this research two apparatus has been prepared, one to acquire the terms, which was composed of 18 units, validity and the constant has been found, then it has been referred to a group of 15 professors of psychological lecturers. The second one was for the students direction for geography subject, which was composed of 25 units, validity and constant has been found,then it has been referred to a group of 17 professors of psychological lecturers. Coefficient of different statistics has been used to determine the median and standard deviation of the students Answers.

**Keyword: Impact, strategy, active learning, terms.**